
# ڕێبەری زانکۆی ڕاپەڕین

# بۆخۆپارێزی و ناسینی ڤایرۆسی کۆرۆنـــــــا




## خۆپاراستن باشترە لە چارەسەرکردن

**ئامادەکردنی: کۆلێژی پەرستاری و بەڕێوەبەرایەتی تەندروستی و سەلامەتی**

www.uor.edu.krd

**ڕێبەری ژمارە یەک**


# ڤایرۆسی کۆرۆنای نوێ (کۆڤید-19)



جۆرێکی نوێیە لە خێزانی ڤایرۆسی کۆرۆنا زۆرخێرایە لە بلاْوبونەوە و هێرشی توند دەکاتە سەرکۆئەندامی هەناسەی مرۆڤ.

# ڕێگاکانی گواستنەوەی ڤایرۆسەکە:

### ✓ گواستنەوەی ڕاستەوخۆ:




- لەڕێگەی بەرکەوتنی کۆکە و پژمەی کەسانی توشبوو

### ✓ گواستنەوەی ناڕاستەوخۆ:







- تەوقەکردن و بەرکەوتنی کەل و پەل و کەرەستەی کەسانی توشبووپاشان دەستبردن بۆ: دەم - چاو – لوت

دەستلێدانی ئاژەڵی توشبوو یان خواردنی گۆشت و هێلکەی ئاژەڵانی توشبوو!


- ئەو کەسانەی خواردن بە هاوبەشی دەخۆن







# نیشانەکانی توشبوون بە ڤایرۆسەکە:




باوترین نیشانەکان!



هەناسەدانی قورس



کۆکەی وشـک



# دەستنیشانکردنی ڤایرۆسەکە:

## کێن ئەوانەی پشکنینیان بۆ دەکرێت؟

- ✓ کەسێک نیشانەکانی لێ دەرکەوتن.
- ✓ ئەندامانی خێزانێک کەسێکیان توش بووبێت
- ✓ کەسێک لەشارێکەوە هاتبێت یان گەرابێتەوە کە ڤایرۆسەکەی تێدا بڵاوبێت.



- ✓ پشکنین لەڕێگەی گەرمی پێوو



- ✓ پشکنین لەڕێگەی خوێن RT-PCR



- ✓ پشکنین لەڕێگەی تیشکەوە CT-Scan




- ✓ پشکنین لەڕێگەی سوابی قوڕگ

# کەی نەخۆش دەنێردرێتە ماڵەوە:

1. ماوەی (٣) ڕۆژ بەدوایکدا پلەی گەرمی لەشی ئاسایی بێت ( 37.2-36.5C )
2. نیشانەکانی خوارەوەی کۆ ئەندامی هەناسەی کەم بوبێتەوە
3. ژمارەی خڕۆکە سپیەکانی خوێنی ئاسایی بێت.
4. دوای پشکنینی تیشکی بۆ سیەکان بەرەو باشی بڕوات
5. لە ماوەی ٢٤ کاتژمێردا ٢ جارپشکنینی خوێنەکەی نەرێنی بێت.



# ڕێگاکانی خۆپراستن لە ڤایرۆسی کۆرۆنا:







1. دورکەوتنەوە لە قەرەباڵغی و بەریەککەوتنی زۆر(تەوقەو ماچ مەکە)
2. زوو زوو دەستەکانت بشۆ بە ئاو سابوون یان گیراوەی کحول
3. دەست مەدە لە دەم و لوت چاو.
4. کاتی پژمین و کۆکەدا دەم ولوتت داپۆشپە
5. فرێدانی  کلێنس بۆ ناو سەلەی خۆڵی سەرداخراو
6. بەکارهێنانی ماسك لە هەوای داخراودا
7. خۆ بەدوورگرتن کەسێك نیشانەکانی تێدابێت
8. مانەوە لە ماڵ و نەچونەدەرەوە **باشترین ڕێگای خۆپاراستنە.**
9. دەست نەدان لەو ئاژەڵانەی ناسراون بەگوێزەرەوەی ڤایرۆسەکە
10. زۆرباش کولاندنی خواردنی گۆشت و هێلکە.
11. بەکارهێنانی دەستکێش ڕۆڵی گرنگ دەبینێ بۆ خۆپاراستن لەڤایرۆسەکە.
12. مەودای نێوانت 1مەتر کەمتر نەبێت کاتێك لەگەڵ کەسێك دەوەستی



# چۆن دەستەکانت دەشۆی؟




سابوون بخەرە سەر
دەستت



ناو دەستت بشۆ



نێوانی پەنجەکانت
بشۆ



پەنجەکانی دەستی
ڕاستت بخەرەوە ناو
پەنجەکانی دەستی
چەپتەوە و بیان جوڵێنە



پەنجە گەورەکانی
دەستت بشۆ



بەشێوەیەکی بازنەیی
پەنجەکانت بە ناوەڕاستی
دەستتدا بجوڵێنە



دەستت وشک
بکەرەوە

## چ کاتێك زۆر پێویستە دەستەکانت بشۆی:

- دوای هەر پژمەیەکی خۆت
- پێش خواردنی هەر شتێك
- پێش و پاش ئامادەکردنی خواردن
- پێش و پاش دەست لێدنی نەخۆش و کەل و پەلی نەخۆش.
- دوای بەکارهێنانی توالێت
- دوای دەست لێدانی ئاژەڵان

## چۆنیەتی دەمامك کردن:



**پۆشینی دەمامك پێویستە چەناگە و دەم و لوتت داپۆشێت**

**دەست نادەی لەدیوی ناوەوە و دەرەوەی ماسکەکە.**

# چ کاتێك ماسك بپۆشین ؟



- کاتێك خۆت نیشانەکانت لێ دەرکەوتن
- کەسێکی خێزانەکەتان نیشانەکانی لێ دەرکەوتن



- لە هەوای داخراوی وەك ناوئۆتۆمبێل و ژوری داخراو
- دەمامکی N95 بەکاربێنە

کاتێك لەگەڵ کەسی توشبوو مامەڵە دەکەی.

# ئەگەر دەمامك دەستنەکەوت چی بکەین؟



# کاتی نەبونی دەمامك:

1- **چەند پارچە کلێنسێك زیادبکە بۆ ناوەوەی دەمامکی ئاسایی**



وا دەکات ماوەی بەکارهێنانی دەمامکە کە زیاتربێت و درەنگتر لەکاربکەوییت بەتایبەت دەتپارێزێت لە تەڕبوون بە پرژەی پژمە و کۆکە.

2. **بەکارهێنانی چاویلکەی گەورە و فراوان**



بۆ داپۆشینی تەواوی چاوەکان یان بەکارهێنانی کلاّوی داپۆشراو هاوشێوەی کلاّوی ماتۆڕسکیل.

3. **دروستکردنی دەمامك بە ملپێچ بۆ داپۆشینی دەم و لوت**



ئەم جۆرە دەمامکە دەتوانێت ڕێگربێت لە چونەژورەوەی تۆز و خۆڵ و تەنە بێگانەکانی تر...هەروەها پێویستە ڕۆژانە ملپێچەکە پاکبکرێتەوە.

4. **بەکارهێنانی هەرجۆرە دەمامکێك باشترە لە بەکار نەهێنانی هیچ:**

ڕاستە ئەمجۆرە دەمامکانە وەك دژەڤایرۆس کارانین، بەلاّم باشترە لەهیچ چونکە هەرنەبێت بەشێکی زۆر لە پرژەکانی پژمە و کۆکە دەگەڕێنێتەوە.



# چ کاتێك گرنگە دەستکێش بکەین؟

- کاتێك چاودێری نەخۆش دەکەیت
- کاتێك مامەڵە لەگەڵ ئاژەڵان دەکەیت
- کاتێك سەرمێز و ڕوکارەکان پاك دەکەیتەوە



# بنەماکانی خۆراکی تەندروست:

حەوت پێکهاتەی سەرەکی خۆراك بنەمای پاراستن و تەندروست مانەوەی مرۆڤە بەخواردنی ئەم پێکهاتانە سیستەمی بەرگری چالاکانە کاری خۆی دەکات.

خۆراك تاکە سەرچاوەی وزەیە بۆ مرۆڤ، پێویستە خۆراك هەمەچەشن بێت لەپێناو هەبونی حەوت پێکهاتە بنەرەتیەکە.

**(کاربۆهایدرەیت، پرۆتین، چەوری، ڤیتامینەکان، خوێیەکان، فایبەر، ئاو).**

## 1. کاربۆهیدرەیت:

سەرچاوەی سەرەکی وزەیە و لەلەشدا دەگۆڕێت بۆ گلوکۆز

نمونە: (برنج-نان-پەتاتە-کولەکە-میوەکان-دوولەپەکانی وەك فاسۆلیا...)



## 2.پرۆتین:



پرۆتینەکان لە لەشدا دەگۆڕێن بۆ ئەمینۆئەسید و دەوری بالأیان هەیە لە دروسکردنی هۆرمۆنەکان و ئەنزیمەکان و بەهێزکردنی سیستەمی بەرگری لەش.

نمونە: (هێلکە-شیر-گۆشت-مریشك-شیر-ناوکی چەرەسات-برۆکلی-گەنمەشامی...)

## 3.چەوری:



چەوری سەرچاوەی سەرەکی وزەیە ڕۆڵی هەیە لە دروستکردنی بەرگی خانە، لەلەشدا دەلۆڕێت بۆ فاتی ئەسید و گلایسرۆڵ.

نمونە: (کەرە-پەنیر-ماست-ڕۆن-ماسی-ناوکی چەرەسات-گۆشتی سورزەیتوون-گوێز-هێلکە...).

## 4. ڤیتامینەکان:



ڤیتامینەکان ڕۆڵی زۆریان هەیە لەلەشدا و بۆ چالاککردنی سیستەمی بەرگری و پاراستن و جوانکردنی پێست و زیندەچالاکیەکانی سیستەمەکان ...هتد.

نمونە: زۆربەی سەزە و میوەکان-ماسی و ناوکی چەرەسات...

## 5. خوێیەکان (مینیراڵ):



مینیراڵەکان رۆلی گرنگ و کاریگەریان هەیە لەلەشدا وەك (کالسیۆم و مەگنسیۆم و ئۆگزالات و پۆتاسیۆم و فۆسفۆر و...هتد).

نمونە: سەوزە و میوەکان، شیر و زەیتوون و ماسی، تەماتە، باینجان...هتد.

## 6. فایبەر:



لەگەڵ زۆربەی ژەمەخۆراکەکاندا پێویستە و دەوری باڵای هەیە لە ئاسانکردنی کرداری هەرس و پاککردنەوەی ریخۆلەکان.

نمونە: سەوزە و میوەکانی وەك گێزەر-لیمۆی زەرد-پرتەقاڵ-پرتەقاڵ...هتد.

## 7.شلەمەنی و ئــاو:



رێژەی 70٪ لەشی مرۆڤ ئاوە، لەخوێندا رێژەی 90٪ پلازما ئاوە، بۆ هەمووزیندەچالاکیەکانی لەش زۆرگرنگە و پێویستە رۆژانە زیاتر لە دوو لیتر ئاو بخورێتەوە بەتایبەت لەوەرزی گەرمادا.

نمونە: ئاو-چا-شەربەت-سەوزەو میوەکان...هتد.

# ژمارەکانی هێڵی گەرم

وەزارەتی تەندروستی:

07508169991

07714448100

ڕاپەڕین:

07705694040

07501613933

سلێمانی:

07701923595

07719471030

دهۆك:

07514025338

07514342938



دهۆك:

07514025338

07514342938

گەرمیان:

07480207442

دهۆك:

07514025338

07514342938

هەڵەبجە:

07731915151

07501365007

**سەرچاوە:**

Web: www.who.int , www.cdc.gov

Books: Fundamentals of Nursing, Medical surgical Nursing

**بەهیوای تەندروستیەکی باش**